www.kurdistannet.org
18/06/2002 21:43

# گفتوگۆی گۆڤاری دێر شبیگل، ژمارەی ٢٥ لە ٢٠٠٢/٦/١٧ ، لاپەڕە١٤٤
# "ئەلمانیا قەرزاری هاریکاریمانە"

و/ سەلام عەبدوڵڵا

دێر شبیگل: بەڕێز تالەبانی، ئێوە ئێستا لە گفتوگۆ لە گەڵ ئەمریکییەکان لە فرانکفۆرت و ئیرانییەکان لە تاران دێنەوە. ئایا ئێوە ئامادەن بۆ جەنگ لە دژی سەددام حوسین؟

تالەبانی: ئەگەر بە ئارووزی ئێمە بێ، ئەوا بە هاریکاری ئۆپۆزیتسیون، گۆڕانی دیموکراسییانەی حکومەت دەگرینە بەر و ڕێگا لە جەنگ دەگرین. بەڵام ئەگەر ئەمریکا دەست بە جەنگ بکا، ئێمە ناتوانین رایوەستێنین. تەنانەت وەڵاتێك وەك ئەلمانیاش ناتوانێ رایوەستێنێ.

دێر شبیگل: بەڵام لە گفتوگۆ نهێنییەکەی فرانکفۆرت کە ئێوەو مەسعود بارزانی لە گەڵ شاندی ئەمریکی و سی. ئای. ئەی کردتان، بەشێوەی کۆنکریت، باسی بەشداری ئێوە بوو لە جەنگ.

تالەبانی: ئەگەر ئەمریکییەکان لە عیراق دەستتێوەردان بکەن، ئێمەش دەبێ ببینین چی ڕوودەدا. ڕەنگە سەددام گێل بێ و هێرش بکات بە سەر کوردستانی عیراق. ئەو کات ئاساییە ئێمەش بەرگری لە خۆمان بکەین و دەست بە هێرشی بەرامبەر بکەین.

دێر شبیگل: ڕاستە گرلیاکانت تاقیکردنەوەی جەنگی باشیان هەیە، بەڵام لە ئاستی سەربازییە زۆر خراپ چەکدار کراون. چۆن دەتانەوێت لە جەنگێکی وا خۆ ڕاگرن.

تالەبانی: ئەگەر ئەمریکییەکان هێرش لە سەر عیراق بکەن، ئەوا لەشکری عیراق ئەوەندە خەریکی بەرگرییەکەیان دەبن، بە ئەستەم دەتوانن هێرش بۆ کوردستان بهێنن. ڕژێمی عیراق ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی ڕابگرێت و لە ماوەی چەند ڕۆژێك کۆتایی پێ دێ. بەڵام ئێمە دەبێ ئاگادار بین، بە هیچ شێوەیەك ووروژاندنی ڕژێم نەکەین. نابێ هیچ بیانوویەکی بە دەستەوە بدەین، لە پڕێکدا هێرشمان بەسەر بکات.

دێر شبیگل: لە گفتوگۆکەی ئێستاتاندا، بە شێوەیەکی کۆنکریتی داوای پشتگیری سەربازییانەتان نەکرد وەك راکێتی دژی تانك و فڕۆکە؟

تالەبانی: ئێمە بەڕێگای باڵوێزی ئەلمانیا لە تورکیا داوامان کرد، لە بری ئەوەی ئەو هێزە تایبەتییەی ئەلمانیا (ABC– چەکی ئەتۆمی، بیۆلۆگی و کیمیایی) کە بۆ کووەیت نێردرا، بۆ لای ئێمە بنێردرێن. ئەگەر لە جەنگی نێوان ئەمریکا و عیراق، سەرلەنوێ هێرشێکی گازی ژەهراوی لە ناوچەکان کوردستان بکرێ، ئەوا دەبێ ئەلمانیا بمانپارێزێ. ئەوە شەرکەتە کیمیاوییەکانی ئەلمانیا بوون، یارمەتی عیراقیان دا، ئەو چەکە شەیتانییە بەرهەم بهێنێ–ئەلمانیا قەرزاری یارمەتیدانمانە.

دێر شبیگل: کوردان زۆر جار ڕووبەڕووی تاوان بوون لە جەنگ و پاشان بە تەنیا بەجیهێڵراون، مەترسی ئەوەتان نییە، سەرلەنوێ سووتان لێ وەربگیرێت؟

تالەبانی: ئێمە لە هیچ جەنگێك بەشداری ناکەین، ئەگەر نەکرێن بە بەشێك لە سیناریوی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ.

دێر شبیگل: ئەمریکا تا ئێستا هیچ کۆنسێپتێکی نییە بۆ ڕێکخستنی نوێ پاش ڕوخاندنی سەددام. ئایا لێرەدا کوردان شانسی مێژوویی خۆیان دەبینن؟

تالەبانی: حکومەتی ئەمریکی لە سێ خاڵی سەرکی سیاسەتەکەی لە گەنداو گۆڕیوە: یەکەم: چیتر نایەوێ تەنها گۆڕینی حکومەت بە ڕێگای سەربازییانە لە عیراق ئەنجام بدا. دووهەم: لە کاتێکدا پێشتر خۆیان لە ئۆپۆزیتسیونی عیراقی گێل دەکرد، ئێستا دان بە (KDP) ، (PUK) و ئۆپۆزیتسیونی شیعە دەنێ. لە دواییدا: جاران ئەمریکا هەمیشە بەناهەق ترسی

له شیعه‌كان كه هاوكارانی ئێرانن، هه‌بوو، به‌ڵام شیعه‌كان زۆربه‌ی عه‌ره‌به‌كانی عیراق پێكده‌هێنن و زۆر داپڵۆسێنه‌رانه ده‌چه‌وسێنه‌وه‌و ده‌یانه‌وێ له‌ ناو حكومه‌تێكی په‌رله‌مانی دیموكراتی، چێژ له‌ مافی هاووه‌ڵاتی خۆیان ببینن.

دێر شبیگل: هه‌ڵویستی واشینتون له‌ به‌رامبه‌ر كوردانیش به‌ هه‌مان شێوه‌ وا بلاوبووه‌ته‌وه‌.

تاله‌بانی: زۆر درووسته‌. ئه‌مریكییه‌كان هه‌میشه‌ له‌ كورده‌كانیش ترسیان هه‌بووه‌، چونكه‌ له‌و بڕوایه‌ بوون كه‌ ئێمه‌ جیاخوازیین، به‌ڵام ئێستا حكومه‌تی واشینتون تێگه‌یشت كه‌ بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی كورد و حزبه‌كانی سه‌ربه‌خۆیی كوردستانیان ناوێ، به‌ڵكو عیراقێكی فیدراڵ و دیموكرات.

دێر شبیگل: جه‌نگ شانسێك به‌ كورده‌كان ده‌دا، ناوچه‌ی به‌ عه‌ره‌ب كراوی پڕ نه‌وتی كه‌ركوك بكه‌وێته‌ ده‌ستتان.

تاله‌بانی: هه‌ر له‌ سه‌رده‌می عوسمانییه‌كانه‌وه‌، كه‌ركوك سه‌ر به‌ ولایه‌ته‌ كوردییه‌كان بوو. كه‌ركوك به‌شێكه‌ له‌ كوردستان وبۆ دوارۆژیش هه‌روا ده‌مینێته‌وه‌. سیاسه‌تی نه‌ژادپه‌ره‌ستی كۆتایی پێ دێ. ئه‌گه‌ر یه‌كه‌م جار دیكتاتۆرییه‌ت له‌ به‌غدا لابرێ ده‌توانین ریفره‌ندومێك بۆ دانیشتیوانه‌كه‌ی بكه‌ین.

دێر شبیگل: ئه‌ی چی ده‌كه‌ن به‌و عه‌ره‌بانه‌ كه‌ به‌زۆره‌ملێ بۆ ئه‌وێ هێنراون؟

تاله‌بانی: عه‌ره‌به‌ سه‌رمایه‌گوزارو مێوانه‌كان هه‌موو كاتێ به‌خێر بێن، به‌ڵام ئاشكرایه‌، عه‌ره‌بی داگیركه‌ر، نه‌خێر.

كارۆلین ئیمكه‌ گفتوگۆیه‌كه‌ی

له‌ گه‌ڵ كردووه‌

ئه‌م وێنه‌یه‌ له‌ گه‌ل گفتوگۆیه‌كه‌ بلاوكراوه‌ته‌وه‌: قوربانیانی گازی ژه‌هراوی له‌ هه‌ڵه‌بجه‌١٩٨٨: چه‌كی شه‌یتانی شه‌ركه‌ته‌كانی ئه‌لمانیا

www.kurdistannet.org